# ڕێساکانی ژیانکردن لە کامپی پەنابەران

وەک دانیشتوویەکی کامپی پەنابەران، دەبێت ڕێساکانی ژیانکردن تیایدا ڕەچاو بکەیت. ڕێساکان بۆ ئەوە دانراون کە تۆ و دانیشتووەکانی تر ژینگەیەکی ژیانکردنی ئاسوودە و باشتان هەبێت.

## 1 هێمنیی، ڕێکوپێکیی و ئاسایش

- دەبێت هەموو ڕۆژە لە کاژێر یانزەی شەو تا شەشی بەیانیی هێمنیی پارێزراو بێت.
- دەبێت ئائارامیی دروست نەکەیت، وە بە جۆرێک ڕەفتار نەکەیت کە ببێتە هۆی نارەحەتیی بۆ ئەوانی تر. بەکارهێنانی توندوتیژیی، یان تێکدان یان هەر کارێکی تری سزادار ڕوو بدات، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری بیانییان (UDI)ی لێ ئاگادار دەکرێتەوە و لای پۆلیس شکات تۆمار دەکرێت لەسەری.
- نابێت لە شوێنە هاوبەشەکانی ناو کامپدا ئەلکهول بخۆیتەوە.
- نابێت لە شوێنە هاوبەشەکانی ناو کامپدا یان لەناو ژوورەکەی خۆت جگەرە یان نێرگەلە یان جگەرەی کارەبایی بکێشیت.
- ئاژەڵی ماڵ ڕێگەپێدراو نییە لە کامپ.
- دەبێت خۆت فێری ئەوە بکەیت کە لە حاڵەتی قەیرانێک یان لە حاڵەتی ئاگرکەوتنەوە لە کامپەکەدا، دەبێت چۆن ڕەفتار بکەیت.

## 2 بەکارهێنانی ژوور و کەرەستە

- دەبێت ژووری هاوبەش و ناوچەکانی دەوروبەری ڕێکوپێک ڕابگیرێت. دەبێت وا بکەیت کە پایسکیل، عەرەبانەی منداڵ و کەرەستەی تر ڕێگاکانی ڕاکردن دانەخات.
- دەبێت ژوورەکەی خۆت و پاک و ڕێکوپێك ڕابگریت.
- دەبێت زبڵەکانت بەپێی سەرچاوەیان دابەش بکەیت و بیانخەیتە ناو تەنەکەی زبڵەکانەوە.
- دەبێت بە مونەزەمیی ژوورە هاوبەشەکانتان لە ناوەوە پاک بکەنەوە. لیستێک دروست کراوە کە پیشانی دەدات کەی نۆرەی تۆیە پاکی بکەیتەوە. ئەو کاتەی نۆرەی تۆیە، دەبێت پاکی بکەیتەوە.
- دەبێت جلشۆرەکان، کەرەستەکانی چێشتخانە و کەرەستەکانی شۆردن بەو جۆرە بەکار بهێنیت کە لە ڕێنماییەکانی بەکارهێناندا هاتووە.

## 3 ڕۆژکردنەوەی میوان لە کامپ

- هەمیشە دەبێت لەگەڵ کامپدا ڕێک بکەویت لەسەر ئەوەی ئایا دەتوانیت میوانت هەبێت کە شەو لە کامپ بمێنێتەوە یان نا.
- کامپ مافی هەیە ڕێگە نەدات میوانت شەو بمێنێتەوە.
- هەموو ئەوانەی کە بریارە لات بمێننەوە، دەبێت لە نەرویج بژین، وە ناسنامە یان کارتی پەناخوازیی پیشان کارمەندانی کامپەکە بدەن.
- کاتێك میوانت دەبێت کە شەو دەمێنێتەوە، دەبێت کارێک بکەیت ئەو مانەوەیە نارەحەتیی بۆ دانیشووانی تری کامپەکە دروست نەکات.
- بەرپرسیارێتیی خۆتە نوێن و خواردن بۆ میوانەکانت دابین بکەیت.
- کەسانی گەورەساڵ دەتوانن ئەو منداڵ و هاوڕێ و ئەندامانی خانەوانەدانەیان لایان بمێننەوە کە لە کامپی تر دەژین.
- کەسانی خوار هەژدە ساڵ دەتوانن دایک و باوکیان و خوشک و براکانیان و هاوڕێی هاوتەمەنی خۆیان لایان بمێننەوە.